# ناوەرۆك


**پێشەكی** ..... ٩

**بەشی یەكەم : ئەركی شیعر لە تیۆرە ئەدەبی یەكاندا** ..... ١١

١. ئەركی شیعر لەتیۆری ئەدەبی ئەورووپیدا : ..... ١٣

أ- ئەركی شیعر لە تێروانینی یۆنانییەكاندا ..... ١٣

ب- ئەركی شیعر لە تێروانینی رۆمانییەكان ..... ١٥

ت- ئەركی شیعر لەسەردەمی راپەڕیندا ..... ١٧

پ- ئەركی شیعر لە قۆناغی كلاسیكی نوێ دا ..... ٢٠

ج- ئەركی شیعر لە رێبازی رۆمانتیكی دا ..... ٢٢

ح- ئەركی شیعر لە رێبازی پەرناسی دا ..... ٢٤

خ- ئەركی شیعر لە رێبازی رەمزی دا ..... ٢٥

د- ئەركی شیعر لە رێبازە ئەدەبی یەكانی سەدەی بیستەمدا ..... ٢٦

٢. ئەركی شیعر لە ئەدەبی عەرەبی دا ..... ٢٨

٣. ئەركی شیعر لەئەدەبی فارسی دا ..... ٣٦

٤. ئەركی شیعر لە ئەدەبی توركی دا ..... ٤١

أ- شیعری میللی ..... ٤١

ب – شیعری دیوان ..... ٤٢

**بەشی دووەم : ئەركی شیعر لە ئەدەبی كوردی سالآنی پێش ١٩٢٠** ..... ٤٧

أ- ئەركی شیعر لە زاری لوری دا ..... ٤٩

ب- ئەركی شیعر لە زاری گۆران دا ..... ٥٠

ت- ئەركی شیعر لە زاری كرمانجی ژووروودا ..... ٦٤





پ- ئەركی شیعر لە زاری كرمانجی خواروودا ..... ٧٥

**بەشی سێ یەم : ئەركی شیعر لە ئەدەبی كوردی دا سالآنی ١٩٢٠-١٩٥٨** ..... ٩٣

**باسی یەكەم : ئەركی شیعر لە رەخنەی كوردی دا ١٩٢٠-١٩٥٨** ..... ٩٥

**باسی دووەم : ئەركی شیعر لە دەقی شیعری قۆناغەكەدا** ..... ١١١

١. ئەركی سیاسی شیعر ..... ١١٣

٢. ئەركی نیشتمانی شیعر ..... ١٥١

٣. ئەركی كۆمەڵایەتی شیعر ..... ١٥٦

٤. ئەركی ئایینی شیعر ..... ١٧٢

٥. ئەركی جوانی شیعر ..... ١٧٧

٦. ئەركی سۆزداری شیعر ..... ١٨٢

**ئەنجام** ..... ١٩١

**سەرچاوەكان** ..... ١٩٣

**كورتەی باس بە زمانی عەرەبی** ..... ٢٠٧

**كورتەی باس بەزمانی ئینگلیزی** ..... ٢٠٨

وەك ئاشكرایە كە شاعیرانی رۆژهەڵاتی ئەو بابەتانەیان لە رێگەی غەزەل و قەسیدەكانەوە بە بایەخدانیان بە وشەكاری و وردەكاری لەبەكارهێنانی هونەرەكانی رەوانبێژی ئەركی شیعریان بەرەو جوانكاری (سەنعەت) بۆ داهێنانی دەقی شیعری جوان و بەهێز بردووە.

دیارە ئەم دیاردەی جوانكاری لەهەندێك بابەتدا بووە بەئەركی شیعری قۆناغەكە. شاعیرانی كلاسیكی كوردی (نالی، سالم، كوردی، مەحوی، شێخ رەزای تاڵەبانی و حاجی قادری كۆیی و چەندانی تر) توانییان بەوپەڕی بلیمەتی و شارەزایی و لێهاتووییەوە ئەو ئەركە لەڕێگەی بەرهەمە شیعرییەكانیانەوە دابهێنن، (پیرەمێرد) لەم بارەیەوە دەڵێ: ((لازمە لەبیرماندا بێت نالی لەزەمانێكدا ژیاوە كە شەرائیتی كەمالی شیعر عیبارەت بووە لە جیناس، ئیستعارە و لەف و نەشر، وەلحەق لەمانەدا قەلەمی نالی لەهی شاعیرەكانی تر زیاتر موەفەق بووە، لە نەزەر نالی دا شیعر ئەسل و غایەیە)). [1]

هەروەها (ئەمین فەیزی)یش لەبارەی نالی دەڵێ: ((نالی ئەوەندەی صەنایعی لەفزیە ئیستعمال كردووە، پیاو رەنگە بلێ شیعری ئەو نەتیجەی عیلم و ئیشتغالە)). [2]

دیارە كە ئەوەی لەبارەی شیعرەكانی نالی گوتراوە لەبارەی ئەركی شیعر لەسەر زۆرینەی شیعرەكانی كلاسیكی زاری كرمانجی خواروو دەگوترێ.

كەواتە بەشێك لە غەزەل و قەسیدەكانی كلاسیكی لە هەندێك بابەتدا ئەركی جوانكاری و هەندێ جاریش هەر هەمان بابەت ئەركی دەربڕینی هەست و سۆزییان پێ بینراوە.

هەندێ جاریش شیعرەكانی ئەو سەردەمە ئەركی كۆمەڵایەتی و ئامۆژگاری و فێركردنیان پێ بینراوە.

خۆشەویستی شاعیر بەرامبەر وڵاتەكەی راستەوخۆ بووەتە هەوێنی گەلێ دەقی شیعری لەو قۆناغەدا.

(سالم) لەكاتی دەربەدەری و ئاوارە بوونی لە ئێران بێزاری خۆی دەردەبڕێ و سۆز و خۆشەویستیشی بۆ نیشتمانەكەی دەردەبڕێ و دەڵێ :

**خۆزگە دەمزانی لەتارانا نەجاتم كەی دەبێ**

١- پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەكی نوێ بە ژیان و بەرهەمەكانی، بەرگی یەكەم، ئومێد ئاشنا، چ. وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١: ل ١٤ .

٢- ئەنجوومەنی ئەدیبانی كورد، ئەمین فەیزی، چاپی دووەم، چ. كاكەی فەللاح لەسلێمانی، ١٩٨٢ : ل ٢٦ .



**كۆیی یارە مشهدم یامدفنم هەر (رەی) دەبێ**
**لەگەڵ دڵ شەرتە ((سالم)) گەر نەجاتم ببوو لەتارانا**
**بەهەشت ئەر بێتە دەشتی رەی بەتارانا گوزەر ناكەم** [1]

زمانی شیعری لای (حاجی قادری كۆیی)یش ئامرازێك بووە بۆ وشیار كردنەوەی كۆمەڵ و میللەتی كورد: ((حاجی قادر هەر لەسەر ئەو زەمینە نوێیەشەوە یەكەم هەنگاوی بەرەو شیعری سیاسی و نەتەوایەتی هەڵناوە كەبۆخۆی بوارێكی نوێ بوو لەشیعری كوردی كرمانجی خوارووودا.)) [2]

**بەیتەكان عەیبی مەكەن خوارو كەچن**
**مەقصەدم لەم بەندو باوە دەربچن** [3]

(حاجی) لەوڵاتی نامۆیی یادی كوردستان دەكا و دەڵێ:
**لەرۆما كەوتە بەرچاوم كەسێكی هائیم و حەیران**
**بەهەیئەت تێی گەییم كوردە بەشێوەی ئەهلی كوردستان** [4]

تەنانەت بیرەوەرییە تاڵەكانیش لە پێش جێ هێشتنی نیشتمان لای حاجی دەبێتە یادگاری خۆش و هەست و سۆزی بۆ وڵاتەكەی دەبزوێنێ و تام و چێژێكی تری پێ دەبەخشێت.
**مەپرسە دەردی غەریبی ولەززەتی وەتەنم**
**ئەوی لەدەستی دەرگریام ئەمێستە بۆی دەگریم** [5]

١- دیوانی سالم، عبدالرحمان صاحبقران، چاپی دووەم، چ. كوردستات، هەولێر، ١٩٧٢: ل ١٦ .

٢- شەقڵی نوێخوازی لە شیعری كوردی و فارسی سەدەی بیستەمدا (١٩٠٠ — ١٩٧٥) نامەی ماجستێر: ل ٢٦ .

٣- دیوانی حاجی قادری كۆیی، لێكۆڵینەوە و لێكدانەوەی سەردار حەمید میران، كەریم مستەفا شارەزا لەچاپكراوەكانی ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی كوردستان، ١٩٨٦ : ل ٢٠٥ .

٤- هـ. س : ل ٩١ .

٥- هـ. س : ل ٨١ .

هەر لەناو چوارچێوەی ئەو هەست و سۆزە نیشتمانییەشدا، بابەتی ستایش وەك بابەتێكی شیعری دەبینرێ، وەك لەو دەقەی (نالی)دا سەرنجمان رادەكێشێ كە ستایشی هەردوو پاشای بابان (سلیمان پاشا) و (ئەحمەد پاشا) دەكات. یەكەمیان بەلاواندنەوەی و دووەمیان بە جێ نشین بوونی لەسەر تەختی پاشایەتی:

**تا فەلەك دەوری نەدا صەد كەوكەبی ئاوا نەبوو**
**كەوكەبەی میهری موبارەك طەلعەتی پەیدا نەبوو**
**تا (سولەیمانان) نەبونە صەدری تەختی ئاخیرەت،**
**(ئەحمەدی موختار) ی ئێمە شاهی تەخت ئارانەبوو** [1]

(عەلی بەردەشانی) لەستایش كردنی (عەبدورەحمان پاشا)دا دەڵێ:

**ئەزم (عەلی بەردەشانی)**
**دەبەندێم نەكەی زبانی**
**بەیتی دەلێم بەدیوانی**
**مەدحی پاشای كوردستانی**
**مەدحی پاشای كامیان باشە**
**شایەد رۆم و قزلباشە**
**هەرجارێ شیری دەكێشا**
**هەمووی دەهاتنە تەماشا**
**عالەم ئالآیە چاوەشە**
**مەردە عەبدورەحمان پاشا**
**پاشای بەبان جیهانگیری**
**وەك رۆستەمی زالی پیری** [2]

١- دیوانی نالی، لێكۆڵینەوە و لێكدانەوەی عەبدولكەریمی مدرس و فاتح عەبدولكەریم، چ. كۆری زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٧٦: ل ٣٧٠ — ٣٧٢ .

٢- تحفەی مظفریە، بەزمانی كوردیی موكری، پێشەكی و ساخكردنەوە و هێنانە سەر رێنووسی كوردی، هێمن موكریانی، چاپی دووەم، چ. وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦ : ل ٥٣٤ .



(شێخ رەزای تالەبانی) هەر بە بابەتی ستایش هەست و سۆز و وەفای بۆ نەتەوەكەی بەستایش كردنی میرنشینی بابان دەربڕیوە: ((ئەو سۆزە گەرمەی كە شاعیر بەرامبەر میرنشینی بابان ورۆژانی رابووردووی سلیمانی دەری بڕیوە و ناوەڕۆكی شیعرەكە دڵسۆزی و راستگۆییەكەی دەرئەخات و ئەگەر لە سوچێكیشەوە بێ ئەوا لایەنێكی ئەو سۆزە بۆنی نیشتمان پەروەری هەر لێ دێ)) [1]

**لەبیرم دێ سلێمانی كە دار الملكی بابان بوو**
**نەمەحكومی عەجەم، نەسووخرە كێشی، ئالی عوسمان بوو**
**لەبەر قاپی سەرا، سەفیان دەبەست شێخ و مەلا وە زاهد**
**مەگافی كەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو** [2]

هەستی نیشتمان پەروەری لای (نالی) گەیشتۆتە رادەی ئەوەی كە ستایشی سوپای (ئەحمەد پاشای بابان)یش بكات:

**ئەم طاقمە مومتازە كەوا خاصەیی شاهن**
**ئاشوبی دڵی مەملەكەت و قەلبی سوپاهن** [3]

(حاجی قادر)یش هەر بەو شێوەیەی (شێخ رەزا) ستایشی میللەتەكەی دەكا و دەڵێ:

**خۆ دەزانن سولالەیی ئەكراد**
**لێرەوە بگرە تا دەگاتە قوباد**
**هەموو عالیم، هەموو شێخ و میرن**
**زیرەك و ژیر و ئەهلی تەدبیرن** [4]

ستایشەكانی (حاجی قادر) دەگاتە ستایشی هەندێك شاعیری كورد بە ناو هێنانیان و دانانی نرخ و پلە و پایە بۆیان:

١- ستایش و پیاهەڵدان لە شیعری كلاسیكی كوردیدا، دڵشاد عەلی، گۆڤاری بەیان، چ. مەعارف ژ (٧٦) سالی ١٩٨٢: ل ٥١ .

٢- دیوانی شێخ رەزای تالەبانی، علی الطالبانی، چ. مەعارف، بەغدا ١٩٤٦ : ل ٣٤ .

٣- دیوانی نالی: ل ٣٤٠ .

٤- دیوانی حاجی قادری كۆیی: ل ٢١١ — ٢١٢.

**چی یە ئەم زولمە ئەمڕۆ تورك کەئەیکا لەم عیبادەی تۆ !**
**فەقیر و دەولەمەند، شاه و گەدا شەو تا سەحەر نالان**[1]

لای (زێوەر)یش شیعر ئەرکی خستنەڕووی خراپەکاری رۆژگاری عوسمانی پێ بینراوە:

**لەم وەختە کە پڕ فیتنە و ڕێ بەستنە ئێستا**
**خۆشی کە ببێ مردنە یا نووستنە ئێستا**
**دوو یاری ((وەفا))دار و بەبێ غەش نییە هەرگیز**
**هەرچی کە تەماشای ئەکەم دوژمنە ئێستا**
**ئاشووب و بەلا و فیتنە وەکو تەرزە ئەبارێ**
**هەرجەردەیی و هەر دزی و کوشتنە ئێستا** [2]

لەوەسفی دیمەن و سروشتی کوردستان شیعری زاری کرمانجی خواروو ئەرکی دەربڕینی خۆشەویستی نیشتمانی پێ بینراوە، (حاجی قادر) لەوەسفی شاری (کۆیە) دەڵێ:

**لەمەیدانی بەهارا شارەکەی کۆ**
**قوبەی کیشمیری دا بەر شەق وەکو گۆ**
**بەهاری بۆ گول و بۆ میوە پاییز**
**نەزیری گەربلێم نابێ بەجاییز** [3]

بابەتێکی تری شیعری کلاسیکی لەکرمانجی خوارووداِ، بابەتی شانازی بووە کە ئەرکی جۆراوجۆری پێ بینراوە وەك ئەرکی شانازی کردن بەزمانی کوردی، دیارە ئەمەش هەربۆ بوونی هەستی نەتەوەیی و خۆشەویستی شاعیر بۆ میللەت و نیشتمانەکەی دەگەڕێتەوە و شاعیر ئەم هەستەی لەزمانە شیعرییەکەی دەردەبڕێ، بۆیە دەوترێ: (((نە )ی نالی و یاخیبوونەکەی، هەروەها شکاندنی کۆتەکانییەکەم چرکەی شۆڕشی نوێگەرییە لە ئەدەبی کوردیماندا... ئیدی نالی هەموو پێوەرێکی فەرهەنگی سەردەمەکەی دەسڕێتەوە، شیعری کوردی لەبەرگە خواستراوەکە دادەمالێت و سەرلەنوێ بەرگێکی خۆمالی دەداتە زمانی شیعر. پاش ئەمە

١- لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە: ل ١٦٠ .
٢- بەشی یەکەم لە دیوانی زیوەر، سۆزی نیشتمان: ل ٥٢ — ٥٣ .
٣- دیوانی حاجی قادری کۆیی: ل ٢٥١ .



شیعری کوردی پێناسەیەکی نوێ دەداتە خۆی کە ئەویش بەکوردی بوونی تێکستە شیعرییەکانە. ئەم وەرگۆڕانە.. من لێرەدا بە (نوێگەریی فەرهەنگی ئەدەبیاتی کلاسیکی) ناو دەبەم)) [1].

**طەبعی شەککەر باری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا**
**ئیمتیحانی خۆیە مەقصودی، لە (عمدا) وا دەکا**
**کەس بەئەلفاظم نەلێ خۆ کوردییە خۆ کردییە**
**هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا**[2]

دیارە نالی دڵی بەوە ئاو ناخواتەوە کەبەزمانی کوردی شیعر دەڵێ بەلکو خەیالیشی هەر کوردییە:

**موحەققەق مەشرەبی ((نالی)) لە شیعرا هەر وەکو ((خاکی))**
**خەیاڵی ((کوردی))یە، بەیتی سەراپا زولفی دووتایە** [3]

(سالم)یش زۆر بەرز دەڕوانێتە زمانی کوردی و دەڵێ:

**زێڕە سەرمایەیە بۆ ((سالم و کرمان))ی دەبا**
**شیعری کوردی کەبدا جیلوە لەلای شێخی کەبیر** [4]

تەنانەت لە کاتی دەربەدەریشی لە ئێران دا لەگەڵ ئەوەی کە زمانی فارسی بەباشی دەزانی بەڵام هەستی کوردایەتی و شانازی کردنی بەزمانی کوردی هەر لەزیاد بوون بووە و لەهەموو زمانێکیش بەرزتر لەلای زمانی کوردییە بۆیە بەکوردی شیعر دەنووسێ:

**مەهێ فارس زبانم گفت ((سالم)) شەرحی حالەت گۆ**
**وتم جانا بەلەد نیم را اصطلاحی ئێوە من کوردم**[1]

١- وێستگەکانی نوێگەری لەشیعری کوردیدا، سۆران حەسەن، گۆڤاری وێران، ژ (٢)ی بەهاری ١٩٩٥: ل ١٤ .
٢- دیوانی نالی: ل ١٠٦ — ١٠٧ .
٣- دیوانی نالی: ل ٥٧٠ .
٤- دیوانی سالم: ل ٦٩ .

((مەحوی))یش لە دەربڕینی وەفا بەرامبەر بە نەتەوەکەی و شانازی بەزمانی کوردی دەڵێ:

**کوردی زوبانی ئەصلمە گەر تەرکی کەم بەکول**
**بۆ فارسی، بەکوللی ئەمن دەبمە بێ وەفا** [2]

هەروەك دەڵێ:

**لە (همزیە) و لە (بردە)م چونکە کەم دی ئیستفادەی کورد**
**منیش ئەم ( کوردییە)م دانا لە ریزی ئەو قەسیدانە** [3]

جۆرێکی تر لە شانازی کردن، شانازی شاعیرە بەزمانی شیعری خۆی، دیارە ئەمەش بۆ بوونی باوەڕی شاعیر بەتوانا و دەسەڵات و دەسترۆیی خۆی دەگەڕێتەوە، ئەم جۆرە دەقانەش دیارە کە ئەرکی جوانکارییان پێ داهێنراوە :

**((نالی)) حەریفی کەس نییە، ئیلف و ئەلیفی کەس نییە**
**بەیتی رەدیفی کەس نییە، هەرزە نوییە، گەپ دەکا** [4]

هەروەها دەڵێ:

**فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە**
**((نالی)) ئەمڕۆ حاکمی سێ مولکە، دیوانی هەیە** [5]
.............................................
**نووکی خامەی من کەبێتە مەعنا ئارایی کەماڵ**
**خەط بەخەط ئیظهاری نەقشی صورەتی (مانی) دەکا** [6]

---

١- هـ. س : ل ٨ .
٢- دیوانی مەحوی لێکدانەوە و لیلکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مدرس و مەحمەدی مەلا کەریم، چاپی دووەم، چ. ئۆفسێتی (حسام)، بەغدا، ١٩٨٤ : ل ١١ .
٣- هـ.س : ل ٥٦٨ .
٤- دیوانی نالی: ل ١٠٠ .
٥- هـ. س : ل ٥٧٧ .
٦- هـ. س : ل ١٠٣ .



(سالم) یش لەشانازی بەزمانی شیعری خۆی دەڵێ:

**رەنگینە هەموو شیعرم وەك نەقشی تەکەلتووی زین**
**مضمون کەشە فیکرم وەك قوللابی دروومانت** [1]

هەر لە شیعری کرمانجی خواروودا بە پێچەوانەی شیعری ستایش و پێداهەلگوتن شیعری داشۆرین کە بابەتێکی باوی سەردەمی کلاسیکی بووە، هەندێ جار ئەرکی دەربڕین و رەنگدانەوەی هەندێك دیاردە و کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەتەوەی کوردی پێ بینراوە وەك لەهەجوی نەیارانی کورد و هەندێ هەڵسوکەوتی شێخ و سۆفی و دەروێشەکانی کورددا دەبینرێ.

((نالی)) لە هەجوی (سۆفی) دا دەڵێ:

**ریشەکەی پان و درێژە، بۆڕ یا خزمەت دەکا**
**ظاهیرە هەرکەس بەطول و عەرضی ریشیدا ریا**
**((نالی)) کەویقاری نییە، بێ باکە لە خەلقی**
**صوفی کەسلوکێکی هەیە، عوجب و ریایە** [2]

(سالم) لەهەجووی دوژمنانی کورد دا دەڵێ:

**زستانی ئەوەڵین بوو درا بەرگی شێخە باس**
**رۆمی ئەوەندە شوومن لەشخصیش دەخەن زەرەر** [3]

حاجی قادریش لە هەجوی شێخ و سۆفییەکاندا دەڵێ:

**وشکە صوفی بلێ بە شێخی تەرەس**
**بابەسەرما نەبێ میثالی هەرەس**
**حەزدەکەی تێ بگەی لەبێ دینی**
**ببە دەروێشی شێخەکان بەهەوەس** [4]

---

١- دیوانی سالم: ل ٥١ .
٢- دیوانی نالی: ل ١٢٨ — ٥٦٥ .
٣- دیوانی سالم: ل ١٣ .
٤- دیوانی حاجی قادری کۆیی: ل ٦٦.

شیعری داشۆرین هەندێ جار بۆمەبەستی بەرژەوەندی کەسی و سوود نەبینینی شاعیر لە بەخشش و یارمەتی لە کەسێکی بەرامبەری بەجوانترین دەق دەربڕاوە، بۆیە لەم جۆرەیدا شاعیر دادەبەزێتە سەر ئەو کەسە و هێرشی بۆ دەبا، ئەم جۆرەیان لەشیعرەکانی (شێخ ڕەزا)دا دەبینرێ کەبە دیارترین شاعیری داشۆرین لەئەدەبیاتی کلاسیکی لەم بوارەدا دادەنرێت.

(شێخ ڕەزا) لەداخی ئەوەی کەمامی لەپەیمانی خۆی بەپێدانی کچەکەی بە (شێخ ڕەزا) پەشیمان دەبێتەوە، (شێخ ڕەزا)ش لەڕقان بەتوندترین شێوە دادەبەزێتە سەرمامی و دەڵێ:

**مامەکەم قەحپە ژنە دەولەتی شەددادی هەیە**
**طالعی ڕاهی بەر و بەختی خدا دادی هەیە**
**گەر سەر و ریشی پیاوانەیە، باوەڕ مەکە پێی**
**باطنی جولەکەیە. زاهری زوههادی هەیە** [1]

بەهاندان و ئامۆژگاری شیعری زاری کرمانجی خواروو ئەرکی کۆمەڵایەتی پێ بینراوە.

هەر بۆ ئەم مەبەستە شیعر لای حاجی قادری کۆیی دەبێتە ئامرازێك بۆ هاندان و ئامۆژگاری کۆمەڵایەتی، نووسەرێك لەژمارە بیست و پێنجی (٢٢ی نیسانی ١٩١٨) لەبارەی (حاجی قادری کۆیی)دا دەڵێ: ((شاعیرانی پێشووی کورد وەکو شاعیری کۆنی ئەقوامی سائیرە بەحسیان لەمەی و مەحبوب و زولف و خال دەکرد، ئەما حاجی قادری کۆیی ئەم تەرزەی گۆڕی و شیعری تێکەڵاوی ئیجتماعیات کرد و لە مەسلەکەدا بەموئەسیس حساب کرا)) [2]، هەر زوولای حاجی قادر هەستی گرنگی و بایەخدان بەخوێندن و خوێندەواری و ڕۆلی لە ڕۆشنبیری کردن و پێشکەوتنی شارستانێتی و نیشتمان دا پەنگی خواردۆتەوە و لەشیعرەکانیشیدا ڕەنگی پێ داوەتەوە، بۆیە حاجی خوێندنی بە ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێك و چینێك و ڕەگەزێکی کۆمەڵ زانیوە:

**بۆچی فەرموویەتی نەبی یی ئەمین**
**((اطلبوا علمكم ولو بالصين))**
**نێر و مێ لەم حەدیثە فەرقی نییە**
**گەرمەلا نەهی فەرموو دینی نییە** [3]

١- دیوانی شێخ ڕەزا تالبانی: ل ٤٣ .

٢- تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامە نووسی کوردیدا، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چ. کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨ : ل ١٩٣ .

٣- دیوانی حاجی قادری کۆیی: ل ١٨٦ — ١٨٧ .



لەلای (مەحوی) شیعر ئەرکی خستنەڕووی هەندێ داب و نەریتی خراپی کۆمەڵایەتی و وازهێنان لەو سیفەتە خراپانەی پێ دەبینرێ:

**فەضیلەی ئەصل و فەصل ئینسانی پێ نابێ بەصاحیب فەضل**
**کەتۆ کۆسەی، بەتۆچی مامە ریشی باب و باپیرت** [1]

لای (زێوەر)یش شیعر لەئەرکی کۆمەڵایەتیدا ئەرکی هوشیار کردنەوەی میللەتی کوردی بۆکارکردن و وازهێنان لە تەمبەڵی و بێ کاری پێ بینراوە، دیارە کە ئەم دیاردانە هۆکارێکی کاریگەرن بۆ دواکەوتنی کۆمەڵگا و شارستانێتی و خراپی باری ئابووری خێزان و وڵات:

**خوابی خەرگۆشی هەتاکەی، وەعدەی بێدارییە**
**دوژمنی خۆت و منالێت ئەژدەهای بێکارییە**
**پیاوی تەممەل دوژمنی خۆی و عەدووی هەرکەسە**
**قەولی ((الکاسب حبیب الله)) لەعالەم دیارییە**
**چاو لەمووچە و توورەکانە مەبڕە دائیم ئەی زەلام**
**مایەیی دنیا و دینت کەسب و صەنعەتکارییە**
**سەد غەرامافۆن فیدای هۆ هۆیی جووتیارێ بکە** [2]

شاعیرانی کلاسیکی زاری کرمانجی خواروو بەهۆی ئەوەی کە دەرچووی خوێندنی مزگەوت بوون، بۆیە لە شیعرەکانیاندا ئەرکی دەربڕینی ئایینی و بیر و باوەڕی موسلمانێتی خۆیان بەرامبەر بە میللەتانی موسلمان دەربڕیوە، وەك لەباسی نزاو پاڕانەوە و ستایشی خوا و پێغەمبەردا دەردەکەوێت: ((حەماسەتی ئەم دینە تازەیە تەئریخ و سەقافەتی کوردی نەهێشت و لەو ڕۆژەوە بەشێکی زۆری ئەدیبانی کورد دەستیان کرد بەخزمەت کردنی ئەدەبیات و مەعاریفی ئیسلامی)) [3]

(نالی) لەپاڕانەوەی لە پەروەردگار و داواکردنی بۆ مەبەستی لێ بووردن لەگوناهەکانی دەڵێ:

**وەی کەڕوو زەردی مەدینە روسیاهی مەککە خۆم**
**دەرکراو دەربەدەر، یارەب دەخیلی عەفوی تۆم** [4]

١- دیوانی مەحوی: ل ٦٧ .

٢- گۆڤاری هەتاوی کورد، ژ (١)ی تشرینی یەکەمی ١٩١٣: ل ١٧ .

٣- ئەدەبیات، ڕەشید نەجیب، ڕۆژنامەی ژیان، ژ (٣٨٣) ش، ١٩٣٣ : ل ٣ .

٤- دیوانی نالی: ل ٢٩٩ .

(سالم) بۆ پیشاندانی باوەڕی موسلمانێتی خۆی دەڵێ:

**هەر یەکێکە خودایی حەق نەك دوو**
**وحدە لا الە الا ھو**[1]

(مەحوی) متەسەوف بەپشت بەستن بەسورەتی ((الاخلاص)) وای پی راستە کە ئادەمیزاد هاوبەش بۆ خوا دانەنێت:

**((مەحویا)) با بەسی بێ شیرکی تەشەببوث بەم و بەو**
**بگرە بەس دامەنی تەوحیدی (ھو اللە احد)**[2]

شیعر هەر لەڕێگەی دەربڕینی هەستی ئایینییەوە ئەرکی بەستنەوەی بەکوردایەتی و هۆکاری دواکەوتوویی کە خۆی لەنەزانین و نەخوێندەورای دا دەبینییەوە، بەستۆتەوە، (صائب زادە: محمد عارف) لەم بارەیەوە دەڵێ:

**عالەمی مەشغول فکر و کورد خەریکی وەحشەتە**
**خواردنم زوخاوی جرکە من لەداغ ئەم حەسرەتە**
..............................................................
**کەسب علم و مەعریفەت مەقبول خودا و پێغەمبەرە**
**ڕەهبەر فەوز دو عالەم مایە صەد حورمەتە**
..............................................................
**بۆتە عالی حال خۆمان هەر لە گەورە تا بچووك**
**جوهد و سەعی و ئیهتمام وەڵڵا فەرضی ذیمەتە**
**محفەظەی دین و شریتمانە خوخاك وەتەن**
**ئاوەدانی ئەو بەزۆری علم و فەن و سەنعەتە**
**ئیش ئەگەر وابێ وەتەن نورانی و مەعمور ئەبێ**
**رزگاریمان ئەبێ ئێمەش لەدەست ئەم ظولمەتە**[3]

١- دیوانی سالم: ل ٢٠ .
٢- دیوانی مەحوی: ل ١١٤ .
٣- گۆڤاری بانگی کورد، ژ (٣) ١٩١٣: ل ٧٠ .



ئاشکرایە کە ئەدەبی کلاسیکی ئەدەبێکی زۆر دەوڵەمەند و بە پێزە و رۆڵی خۆی چ وەك جوانکاری لەدەقی شیعری چ وەك ئەرکی دەربڕینی لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا بینیوە، هەروەها توانیتی ڕەنگ بە بارودۆخی سەردەمەکەی بداتەوە.

بۆیە وەکو پێویستییەکی ئەو سەردەمدا و هەست کردنی شاعیران بەبوونی کەلێنێك لەکاتی هاموشۆ کردن لەگەڵ نەتەوە دراوسێیەکاندا، بۆیە وەك پێویستییەك بۆ شارەزابوون و فێر بوونی زمانەکانی دراوسێ و بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە شاعیران وای بۆ چوون کەشیعر پێویستە ئەرکی فێر کردن ببینێ، دیارە بۆ ئەم مەبەستەش (شێخ مارفی نۆدێ) هەڵساوە بە دانانی فەرهەنگی (ئەحمەدی) کە فەرهەنگێکی شیعری (کوردی — عەرەبی) یە.

سەرەتای نامیلکەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

| | | | |
|---|---|---|---|
| رأس: سەرە | ، | عین | : چاوە |
| بدن: قالب | ، | أسم | : ناوە |
| أنف: لووتە | ، | حاجب | : برۆ |
| فخذ: رانە | ، | ركبة | : ئەژنۆ |
| سبق: پێشکەوت | ، | نظر | : ڕووانی [1] |

بەم شێوەیە دەبینین کە هونەری شیعر لە کرمانجی خوارووداکۆمەڵێ ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و ئایینی گرتۆتە خۆی و هونەرییانەش دەربڕیون...

١- نەوبەهاری خانی و ئەحمەدی شێخ مارفی نۆدێ، لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنی عەلی فەتاح دزەیی، **مطبعة الثقافة والشباب**، اربیل، ١٩٨٥ : ل ٥٠ .

# باسی یەکەم
# ئەرکی شیعر لە رەخنەی کوردیدا ١٩٢٠ – ١٩٥٨

لەگەڵ ئەوەی کە رەخنەی ئەدەبیمان ماوەیەکی زۆر دوای بەرهەمی شیعریمان سەری هەڵداوە و لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا بەدواوە هاتە ئاراوە، بەڵام کەم و زۆر توانی لەپاڵ بەرهەمی شیعری ئەم قۆناغەدا خۆی دەربخات و تارادەیەك ئەرك ببینێ.

لەبواری ئەرکی شیعریشدا سەرەتا دەبینین کە (شێخ نووری شێخ سالح)ی شاعیر روو لە دیاریکردنی چەند بنەمایەکی رەخنەیی دەکات و لە روانگەی تیۆرییەوە هەموو لقەکانی هونەر و داهێنان (وێنە، مۆسیقا، پەیکەر تاشی...) بە (سەنایع نەفیسە) ناو دەباو بەتێڕوانینی (شێخ نووری) هەموو بەشەکانی (سەنایع نەفیسە) پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و بەیەکترەوە بەستراونەتەوە و هەر بەشێك بەپێی ئاست و توانای خۆی کاریگەری لەسەر هەست و سۆز بەجێ دێڵێ: ((ئەدەبیات شوعبەیێکە لە سەنایع نەفیسە.. کەوابوو ئەو تەئسیرەی کەلە قسەیەکی جوان بۆمان حاصل ئەبێ لەگەڵ چاوپێکەوتنی لەوحەیەك و بینایەکی چاك و جوان و گوێ لە مۆسیقاگرتنێکی خۆشدا عەینی تەئسیرە)) [١].

کەواتە جوانی و چێژبەخشین بۆخۆی بنەماییێکە لەبنەماکانی هونەر بەگشتی و ئەدەب بەتایبەتی (شێخ نووری) بۆ جیاکردنەوەی رەگەزی شیعر لە پەخشان، بینینی ئەرکی جوانی لە شیعردا دەچەسپێنێ: ((شیعریش شوعبەیێکی ئەدەبیاتە بەو ئاسارە کە حسیات و تەئەسورات روحیە ئیفادە ئەکا و بەخەیاڵات و مەجازات رەنگاو رەنگەوە مزین بێ (شعر) و بەوکەسەی ئەم نەوعە ئیسارانە دەهێنێتە وجود ئەڵێن شاعر... وە لەئاساری ئەدەبیەدا بەو خاسەیە کە چرکت روحیە و هەیەجان بەدیعی حاسل ئەکا دەڵێن شیعر)) [٢].

بۆ بەدەست هێنانی دەقێکی جوان کەسایەتی و دەست رەنگینی داهێنەرەکە رۆڵی خۆی هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستە: ((ئەوەی کە لەرۆحی ئێمەدا حەزێکی بەدیعی حاسل بکا ئەوەیە کەلە دەستی سصاحێبی مەهارەتێك و سەنعەتکارێك دەربچێ. یەعنی هەموو وەقتێك ئەوەی کە هەیە جانێکی بۆ ئێمە حاسل ئەکا رەسم و مۆسیقا نییە بەڵکو ئەو سەنعەت و مەهارەتەیە کە قیمەت ئەدا بەمانە)). [٣]

---

١- ئەدەبیات کوردی، م. نوری، رۆژنامەی ژیان، ژ (٢٠) ی (١٠ ی حزیران ١٩٢٦): ل ١ – ٢ .

٢- رۆژنامەی ژیان، ژ (٢٣) ی (٨ تموز ١٩٢٦) : ل ٣ .

٣- رۆژنامەی ژیان، ژ (٢١)ی (١٧ حزیران ١٩٢٦): ل ١

له بارەی بایەخدان بەمەسەلەی شێوە و ناوەڕۆك لەئەدەبدا (شێخ نووری) وای بۆ دەچێت کە لەگەڵ بایەخدان بەناوەڕۆك دەبێت لایەنی جوانکاری له دەقی ئەدەبیدا فەرامۆش نەکرێ، دیارە کە ئەمەش بەهۆی بایەخدان بە بەکارهێنانی هونەرەکانی رەوانبێژی ئەنجام دەدرێ: ((ئەساسی ئەدەبیات جوانییە یەعنی لیباسێکی جوان بدرێ بە مەعنایەك)) [1] لەبەستنەوە و جیاوازی ئەدەب و مێژوو بەیەکەوە (شێخ نووری) دەڵێ: ((سەنایع نەفیسە، بیلخاسە ئەدەبیات، لەگەڵ تاریخدا موناسەبەتێکی زۆر سەمیمی هەیە. تاریخ موجادەلەی حەیاتی ئەو قەومانە نیشان ئەدا کەلە زەمانی پێشوودا ژیاون. ئەو قەومانە موقابل بەیەکتری چە وەزعیەتێکیان وەرگرتووە یاخود چە نەوعە تەسەورات و حسیاتێکیان بووە یا لە چە سویە و ئەخلاقێکدا بوون ئەوی ئەمانە نیشانی ئێمە ئەدا ئاساری سەنعەتە. بیلخاسە لێرەدا ئەدەبیات مەوقعێکی موهیمی هەیە قەومێك یاخود ئەو ئینسانانەی کەلە دەورەی تاریخدا ژیاون لەچە حاڵەتێکی روحیەدا بوون. لەئاساری ئەدەبییەی لەمەو پێشەوە کەبەجێ ماوە زۆر سەهل و چاك تێ ئەگەین کەوابوو سەنعەت، بیلخاسە ئەدەبیات لەم نوقتەیەوە لەگەڵ تاریخدا موناسەبەتێکی زۆری هەیە و موهیمە)). [2]

ئەگەر ئەرەستۆ جیاوازی مێژووی لەگەڵ ئەدەب پیشانداوە، بەڵام (شێخ نووری) زیرەکانە مێژوو و ئەدەبیاتی بەیەکەوە بەستۆتەوە و خاڵی پەیوەندی و بەستنەوەکەشی دەرخستووە.

بەرهەمێکی تری گرنگی رەخنەی کوردی لە سییەکانی سەدەی رابردوودا ئەو وتارە رەخنەییە بوو کە (سیاپۆش) بڵاوی کردۆتەوە، بە بۆچوونی (سیاپۆش) لەگەڵ ئەوەی کە سەردەمەکە گۆڕانی زۆری بەخۆوە بینیوە شیعریش دەبێ وەکو رەنگدانەوەیەك بۆ ئەو بارودۆخە ئاڵۆز و نالەبارە گۆڕان بەسەر ئەرکەکانیدا بێت و بەشدار بێت لەخەبات و تێکۆشانی میللەت و گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام بە پێچەوانەوە دیارە شاعیرانی کورد هەر بەدوای لاسایی کردنەوە و بەرژەوەندی کەسی دا گەڕاون و شیعر لەلایان هەر ئەوەیە کە تەنها ئەرکی ستایش و دڵداری پێ ببینرێ: ((بەلام لەمەودوا ئەو دەورە رۆیشت کەبە زەرد بوترێ زێر و بەسەدەف بڵێ مرواری لەمەودوا رۆشنایی زانستی بەرچاومان رووناك ئەکاتەوە، هەموو شتێ وەکو خۆی ئەبینین و پێویستە هەر شتێ بەپێی بەرزی و نزمی دابنێین... زۆری

١- رۆژنامەی ژیان، ژ (٢٤)ی ١٥ی تەموز ١٩٢٦: ل ١ .

٢- رۆژنامەی ژیان، ژ (٢٥)ی ٢٢ی تەموز ١٩٢٦: ل ١ .



شاعیرەکانمان ئەگەر لەبەر ئێوە نەڵێم هەموویان دڵدارێکی خۆپەرست و بێ باکن... لەباسی چاوی کاڵ و لێوی ئاڵ و... بەولاوە چیکە نازانن)). [1]

بەتێروانینی (سیاپۆش) شاعیرانی کورد لەپاڵ وەسفی جوانی یار دەبوایە باس لەجوانییەکی تریش بکەن کە جوانی سروشتی کوردستانە، کەشاعیران فەرامۆشیان کردووە: ((لەهەموو ژیانێکدا بەتایبەتی لە ژیانی شاخی ئێمەدا گەلێ جوانی تر هەیە کە پێویست بوو هەر لەزووەوە ئاگری حەماسەتی لەدڵی شاعیرەکانمان دا هەڵبگیرسایە)). [2]

دیارە (سیاپۆش) شارەزایی و زانیارییەکی باشی هەبووە لە رێباز و ئەدەبیاتی ئەورووپی و تایبەتمەندییەکانیان، بۆیە باس لە بنەمایەکی گرنگ لە رێبازی رۆمانسییەت دەکات کە ئەرکی دەبڕینی هەست و سۆزی کەسی شاعیرە: ((شیعر: تەرجمانی دڵە، چی بەدڵا بێت، ئێش و ئازار، دەرد و خەفەت، هیوا و نائومێدی، شین و شادی، شیرینی و تالی، خۆش ویستن و قین، گومان و باوەڕ، ترس و بێ باکی، خراپی و چاکیمان بەکەلیماتی رێك و پێك لەشێوەیەکی دڵگیردا بۆ دەردەخات کەهەموو کەس لە ئانی خوێندنەوەیدا شێوەیەکی دڵی خۆی تیا دەبینێ)). [3]

بۆچوونی (سیاپۆش) بۆ ئەرکی شیعر ئەوەیە کە شاعیرانی کۆنی کورد بەکاریگەری شاعیرانی وڵاتە دراوسێیەکان شیعر لەلایان ئەرکی جوانکاری (سەنعەت) پێ بینراوە، کەچی دەبوایە لەبری ئەوە ئەرکی دەربڕینی هەست و سۆزی دەروون و ئەوەی کەلە دەوروپشتماندا دەبینرێ و هەستی پێ دەکرێ لە نێو کۆمەڵی خۆماندا پێ ببینرایە: ((ئەویان سەیری دەوروپشتی خۆی کردووە، روانیویەتە دڵی خۆی چی ببینێ بەچەند واتەیەکی سادە رێکی خستووە بێ ئەرك و ئازار، بەلام ئەمانی تر ویستوویانە شیعر دانێن... پێویست بوو شیعری شاعیرانی کێو و کەژ و چیا و نەوەی گوڵشەن و گوڵزارو گەورە بوانی ناو دەرد و خەفەت پڕ بوایە لەبیری فەلسەفی بەرز بەرز... پێویست بوو شاعیرەکانمان بازی ئاسمانی ژیان، هەنگی شیرینی مژی گوڵان و دەرخەری رازی دلان بوونایە)). [4]

١- شاعیرەکانمان، سیاپۆش، رۆژنامەی ژیان، ژ (٣٣٥ — ٣٣٦)ی ١٩٣٢: ل ١ — ٢ — ٣ .

٢- رۆژنامەی ژیان، ژ (٣٣٦)ی ١٩٣٢: ل ٣ .

٣- رۆژنامەی ژیان، ژ (٣٣٥)ی ١٩٣٢: ل ٢.

٤- یادگاری لاوان و دیاری لاوان، ئامادەکردنی، رەفیق سالح، لێکۆلینەوە، سدیق سالح، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلیمانی، ٢٠٠٥: ل ٤٢ — ٤٣ — ٤٤ .

ئەمجارە (سیاپۆش) شیعر و ئەدەب بەژیان و کۆمەڵ دەبەستێتەوە و رای وایە کە شیعر دەبێت ئەرکی رەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگاکەی پێ ببینرێ، دیارە لەمەش دا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ رێبازی ریالیزم چووە کە لە رێگەی باسی وشەی (راستی)دا بۆمان دەردەکەوێت: ((شیعر: چرایەکە تاریکی رێی ژیانمان بۆ رۆشن ئەکاتەوە، یارمەتیمان ئەدات لە دۆزینەوەی راستیدا.. شیعر وێنەیەکی لە راستی ئەزەلییەوە وەرگیراوە: ئاوێنەیەکە ناشیرینی تیا جوان ئەبینرێ... سەرچاوەیەکە تا ئەبەد جوانی و ژیری لێ هەڵدەقوڵێ. شیعر پەچە لە رووی جوانییەکی شاراوە لائەدات. شاعیران ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵن، پێش رەویانن لە ژیاندا)). [1]

هەر بۆیە شیعر ئەرکی ئاگادارکردنەوە و هاندان و گەشبینی پێ بینراوە، دیارە ئەمەش بەرابەرایەتی کردنی شاعیران بە شیعرەکانیان لەخستنەڕووی گیروگرفتەکانی کۆمەڵ و دۆزینەوە و پیشاندانی رێگای چارەسەری دروست و شیاو بۆ ئەم کێشانە دەکرێ: ((شیعر لەشەوانی لێك دابڕاندا فوو لەکورەی دڵداری ئەکا، لەرێگەی ژیاندا چرای هیوا بۆ تێکۆشەران هەڵ ئەکات، لەگەڵ چنگی ئاسنینی گەردوون دەم بە پێکەنین دەست بازی ئەکا، لەبەر چاوی بێ هیوایان ژین شیرین ئەکاتەوە، لەگەڵ زررەی زنجیرەی گیرۆدەییدا ئەچێتە گوێی بەندییانەوە، لە خەوی بێ هۆشی رایان ئەچڵەکێنێ)). [2]

نووسەرێك لەوەڵامی وتارەکەی (سیاپۆش)دا پشتگیری لەو بۆچوونەی (سیاپۆش) دەکات لەوەی کە شیعر دەربڕینی ئەو شتانەیە کەلە دەوروبەر دەبینرێ و هەستی پێ دەکرێ، بەلام نووسەر بۆ ئەوە دەچێت کە شیعر هەر ئەوەندە نییە کەتەنیا دەربڕی کێشە سیاسی و شارستانییەکان و سروشتی وڵات بێت، شیعر زۆر جار تەنیا ئەوەندەی بەسە کە ئەرکی دەربڕینی خودی و دەروونی شاعیر خۆی بێت و پێویستی بەبینینی ئەرکی تر نییە، دیارە کە ئەمەش بنەمایەکی گرنگ و سەرەکییە لەرێبازی رومانسیزم: ((... شاعیرەکانیشمان ئەڵێن: ئێمە لە ئاسمانی شیعر و خەیالا ئەفڕین، مەزەی لێوی دولبەر ناگۆڕینەوە بەهارەی شەمەندەفەر و وزەی نەوتی ژێر زەمین و جریوە ئاوەدانی وڵات، باوەتەن زێر و زبربێ و من و دولبەر لە جێیێکی وەك زیرینۆك پێکەوە بین و بەتەبیعەت پەرستان ئەڵێن (لکم دینکم ولی دینی))). [3]

---

١- هـ. س: ل ٣٤ — ٣٥ — ٤١ .

٢- هـ. س: ل ٣٥ — ٣٦.

٣- تنقیدێکی ئەدەبی لەبابەت دەرچوونی (یادگاری لاوان)ەوە ، رۆژنامەی ژیان، ژ (٣٧٦)ی ١٩٣٣: ل ٣ .



هەر لەو ساڵانە و لەگۆڤاری (هاوار)دا (هەڤند سوری) رای وایە کە ئەدەب لەدەقێکی جواندا ئەرکی دەربڕینی هەست و هۆشی مرۆڤی پێ دەبینرێ دیارە کە ئەمەش هەندێ جار بە پێویستییەکانی ژیان دەبەسترێتەوە: ((ئەدەبیات پێکهێنان و گوتنی مێشك و فیکری ئینسانە بەچەشنێکی جوان و خۆش و ساف کە تەئسیر بکات لەسەر ئینسان... ئەدەبیات ئەو شتانەیە و کە لەدڵی ئینسان گرد دەبێتەوە و دێت و دەچێت و دەری دەکاتە دەرەوە و دەیڵێت بەزمانێکی شیرین و جوان... ئەدەبیات بێژین و گوتنی هەموو شتێك نییە، بەشکو عیبارەتە لە گوتن و بێژینی شتێك کە بەستراوەتەوە بە (ژیان)ەوە، و کە پێویستی ژیانە)) [1]

لەڕوانگەی بەستنەوی ئەدەب بەکۆمەڵ (حامد فرج)یش پێی وایە کە ئەدەب دەبێت ئەرکی خستنەڕووی کێشە و گیروگرفتەکانی کۆمەڵ و ژیان هەروەها چارەسەرکردنیشیان پێشان بدا و ببینێ: ((ئەدەبیاتێك ئەگەر ئەو کەم و کوڕییەی کە خەڵك هەستی پێ دەکا، چارەی نەکا، پێویست نییە پێی بگوترێ ئەدەبیات)) [2].

هەر لەبارەی ئەرك و ئامانجی ئەدەب لەژیان دا دەڵێ: ((ئێمە دەبێ ئامانجمان لەئەدەبیاتدا رێگەی راست نیشان دان بێ، رووناك کردنەوەی بیر و هۆش بێ، فێرکردن و تێ گەیاندن بێ بۆ لابردنی ئەو کەم و کوڕییەی کە هەمانە لەهەموو پەل و پۆی ژیانمانا)) [3].

بۆچوونەکانی (حامد فرج) لە خستنەڕووی کێشەی کۆمەڵ و ژیانی جووتیار و زەحمەتکێشی کورد و پیشاندانی رێگەی راست بۆ مەبەستی چارەسەر بوونیان دا دیارە کە کاریگەرە بەرێبازی ریالیزمی سۆشیالیستی چونکە: ((ئەدەبیاتی ریالیزمی سۆشیالیستی کوردی، واقیعی گەلی کوردو ژیانی چینە زەحمەتکێشەکانی دەردەبڕێت و بایەخ دەدات بەمرۆڤ و هەستی هەمەڕەنگ و جیاجیای ئەو واقیعە. تەنانەت دەبێت بە چەکێکی هیوا، رێگە بۆ نائومێدان دەکاتەوە و مێشك و دیدەیان رووناك دەکاتەوە و هیوای پتەویان بەسەرکەوتنی مەسەلەی مرۆڤ و سەرکەوتنی پێوەندی کۆمەلایەتی عادیلانە لەسەر زەمین دا پیشان دەدات)) [4].

---

١- ئەدەبیاتی کوردی، هەڤند سوری، گۆڤاری هاوار، ژ (٥) سالی یەك، ١٩٣٢: ل ٢ .

٢- ئەدەبیاتی تازە چۆنە و دەبێ چۆن بێ؟، حامد فرج، گۆڤاری گەلاوێژ، ژ (٧) ساڵی ١٩٣٩: ل ٢ .

٣- سەرچاوەی پێشوو: ل ٤ .

٤- ریالیزمی سۆشیالیستی و ئەدەبیاتی کوردی، د. عزەلدین مستەفا رەسوول، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٣)، ١٩٨٩ : ل ٦٣ .

به تیڕوانینی (ڕەمزی قەزاز)یش ئەدیب دەبێت لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی دا رەوشت و نەریتی خراپی کۆمەڵ و لەجێگای ئەو رەوشتە خراپانەش رێگا و رەوشتی راست و دروست لەشوێنیاندا بخاتەڕوو: ((... ئەدیب ئەبێ بە ئەدەبی رەوشتی چەوتی گەل راست و رەوشتی چاکی بلاوکاتەوە)) [1].

دیارە ئەم چاککردنی باری کۆمەڵگا وەبۆ بەدەست هێنانی ئەدەبێکی بەرز و دەقێکی جوان کە نەمری بەخۆوە ببینێ، پێویستە لەسەر ئەدیب تێکەڵ بەژیانی کۆمەڵگا و میللەتەکەی ببێت و هەست بەساردی و گەرمی یان بکات و داهێنانەکانیشی رەنگدانەوەی ئەم هەست و چالاکییانە بێت: ((... پێویستە بەگیان و مێشك تێکەڵ گەل و نیشتمان ببێ، خۆیان لێ جیا نەکاتەوە و شارەزای چۆنییەتی عاداتیان بێ تابتوانێ بەنووسینی رەوشتی چاکی ئەو گەلە بخاتە پێش چاو و بلاوی کاتەوە و لە ئەدەبەکەی کەڵك وەرگیرێ، چونکە ئەدیبێك چەند بەنووسینی ئەدەبی میللەتەکەی بەرزکاتەوە و بەجوانی نیشانی بدا ئەوەندە ئەدەبی ئەو ئەدیبە بڵند ئەبێ و قەت کور نابێتەوە و هەر ئەمێنێ چونکە ئەو نووسینە جوانەی ئەو ئەدیبە ئەبێ بەتاریخێك بۆ دوارۆژ هەرچی میللەتێك چاوی پیا بڕوانێ ئەزانێ کە ئەمە پاشماوەی ئەدەبی میللەتێکی بڵندبووە لەزەمانێکا)). [2]

هەر لەبارەی بەستنەوەی ئەدەب بە پێداویستییەکان و گۆڕانەکانی کۆمەڵگا لەو سەردەمە نوێیەی کە شاعیرو میللەت تیایدا دەژین، شیعر و ئەدەب بەگشتی دەبێ ئەرکی نوێ بەبەرهەمەکانی ببینێ، (رەفیق حلمی) لەم بارەیەوە دەڵێ:

((ئێمە (بێخود)مان بۆ ئەم نەوعە شیعر و سەنعەتانە ناوێ و نامانەوێ کە ئیتر وەسفی پرچمان بۆ بکا و یا مەرثیە بۆ مردوو بنووسێتەوە حەتا نایشمانەوێ هەر بە مەدحی پێغەمبەرەوە خەریك بێ و بۆ ئاخیرەتی هەوڵ بدا، بەلکو هیوامان وا پێیەتی کەماوەی عومری خۆی سەرفی (دیوان) ێکی عەسری و تازە بابەت بکاو بەشیعری بەرزو رەنگینی نیشتمان پەروەرانە، رۆحێکی نوێ بکات بەبەری لاوەکاندا و بیانخاتە سەر رێگەی چاکە و پێکهێنانی کاروکردەوەی بەپێز و با بەم رەنگە دونیاشی لێك بداتەوە و لەگەڵ نەفسی خۆی و رۆژی ئاخیرەتی میللەت و نیشتمانیشی بەیاد کا و لەخزمەتی ئەوانیشدا گرەو بباتەوە)) [3]

---

١- ئەدەبیاتی کوردی و ئەدەبییەکانمان، بە قەلەمی: رەمزی قەزاز، گۆڤاری گەلاوێژ، ژ (١١ و ١٢)ی تشرینی (١، ٢) ساڵی ١٩٤٠: ل ٧٨ .

٢- هـ. س : ل ٧٨ — ٧٩ .

٣- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حلمی، مطبعة التعلیم العالي، اربیل، ١٩٨٨: ل ٥٨ — ٥٩ .



دیارە لەو سەردەمەدا داواکردنی شیعری عەسری نەك هەر لە ئەدیبە کوردەکان بەڵکو لە ئەدیبی عەرەبیش بەتایبەتی لە ئەدیبەکانی عیراقی لەئارادابوو: ((شیعری هاوچەرخ ئەوشیعرەیە کەشاعیر تیایدا کەسایەتی خۆی و ژینەگەکەی و چاخەکەی و بارودۆخەکەشی تیادا هەڵدەهنجێنێ، یان شاعیر ئەو لایەنانەی تێدا وێنەکێش دەکات، ئەدیبە عیراقییەکان بەرژەوەندی کۆمەڵایەتییان لەشیعری هاوچەرخدا دەستەبەر کرد و هەروەکو لای (زەهاوی) دەبینرێ کەبە شاعیرێکی هاوچەرخ دادەنرێ، کەلە شیعرەکانیدا چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی و داب و نەریتە دزێوەکان و...هتد. بۆ ئامادەکردنی دەروونی و هاندان بۆ چاکسازی دەستەبەر دەکرێت)) [1].

هەر لەو ساڵانەدا (گۆران)ی شاعیر پێی وا بوو کە شیعر زمانی گەلە لە دەربڕینی حەز و هیوا و ئاواتەکانی و هەروەها شیعر زمانی میللەتە لە خەبات و تێکۆشان و بەرگری کردن بەرامبەر بەدوژمنانی وڵات و تەنانەت ئەرکی پاك کردنەوەی دەروونیش لە سیفەتە خراپەکانی ناوەوەی دەروونی مرۆڤی پێ دەبینرێ : ((ئەدەب و شیعریش بەتێکڕایی هونەرە جوانەکانە، هەر ئەوە لە شەڕە شەقی ژیانا تاو نا تاوێك لەشی شەکەتمان ئەگرێتەوە باوەشی، دڵی سەغلەتمان ئەلاوێنێ.. هەر ئەوە تاوێك ئەبێ بەزبانی ئایین تاوێك ئەبێ بەزبانی فەلسەفە تاوێك ئەبێ بەزبانی سەرکردەی شۆڕش و راپەرینەکانی گەل لەبێداریمان ئەوروژێنێ، ئەمانکا بەگژ جەورو ستەما، بێزارمان ئەکا لە خراپە، هانمان ئەدا بۆ چاکی، بۆ راستی بۆ داد و ئینساف)) [2].

ئەم تێڕوانین و بۆچوونانە (گۆران) دەباتەوە ناو رێبازی ریالیزمی سۆشیالیستی بەو پێیەی: ((ریالیزمی سۆشیالیستی کوردی باشترین شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس لەدەوری کۆ دەبنەوە و گۆرانی شاعیر کەلە سەرووی هەموویانە، ڕابەری دانی گۆران بۆ ئەم قوتابخانەیە لەبەر ئەوەیە کە توانیویەتی یەکێتی رووخسارو ناوەڕۆك بەجێ بێنێ، گۆران توانی بیر و بۆچوون و تێگەیشتنە تایبەتییەکانی ریالیزمی سۆشیالیستی کوردی و جیهانی لە جوانترین و بەهێزترین رووخساری شیعری کە ئەدەبیاتی کوردی لە مێژووی خۆیدا ببینێ جێگیر دەکات)) [3].

---

١- نقد الشعر العربي الحدیث في العراق من (١٩٢٠ — ١٩٥٨): ل ١٥٠ — ١٥٥.

٢- کەڵکی ئەدەب، گۆران، گۆڤاری گەلاوێژ، ژ (٥ و ٦) ی ١٩٤٢: ل ٢٩ — ٣٠ .

٣- الواقعیة في الادب الکردي، د. عیزالدین مصطفی رسول، دار المکتبة العصریة، صیدا، بیروت، ١٩٦٦: ص ٢٢١.

پەرناسی ئەورووپی کە خاوەن دروشمی (هونەر بۆ هونەر)ن بەسەر بیر و بۆچوونەکانییەوە دیارە: ((شیعر تەنها جوانییە، پەرییەکە باڵدار، مۆسیقایەکە هەموو نەغمەیەکی موچورکێك بێ))[1].

هەر لەڕوانگەی رۆڵ و ئەرکی ئەدەب لە پێشکەوتنی ژیان و کۆمەڵگا (شێخ مەحمەدی خاڵ) وای بۆ دەچێت کە شاعیر بەشیعرەکانی دەتوانێ ئەرکی ئامۆژگاری و هاندان و پێشاندانی رەوشتی بەرز ببینێ بۆ نەمانی رەوشتی چەوت و خراپ لەناو کۆمەڵ و پێشکەوتنی باری کۆمەڵایەتی وڵات و کۆمەڵگاکەی ((شاعیر ئەتوانێ بەپەند و ئامۆژگاری خۆی، رەوشت و خووی ناشیرین لە دڵان دەربێنێ و ریشە کێشیان بکا، وەلە جێگای ئەو رەوشت وخوی جوان بڕوێنێ و ئاوی بدا تا ریشەدا بکوتێ... شاعیر ئەتوانێ بە وتاری دڵ فڕێنی خۆی دڵی دڵڕەقان نەرم بکا و دەستی دەست قووچاوان بکاتەوە بۆ هەموو جۆرە پیاوەتی و یارمەتیدانێکی کۆمەڵایەتی))[2].

هەروەها (شێخ مەحمەدی خاڵ) رای وایە کە شیعر پەیوەستە بەگۆڕانەکانی سەردەم، وە ئەبێت شیعر ئەرکەکانی خۆی بەپێی پێویستییەکانی کۆمەڵگای ئەورۆژی کەتیایدا دەژی دەربڕێت و بیر و بۆچوونەکانیشی دەبێت سەردەمانە بێت نەك دەربڕی بیری کۆن بێت: ((شاعیر ئەوەیە کە بیری خۆی بخاتە شیعرەوە، نەك بیری باو و باپیری، شاعیر ئەوەیە کە بیری ئەمرۆ بنووسێ نەك بیری دوێنێ یاسبەینێ، چونکی بیری دوێنێ کە رووی لێ نیشتووە، بیری سبەینێش کاڵوکرچ و پێ نەگەیشتووە))[3].

بەتێڕوانینی (ق. نەبەرد) ئەدیب لەڕووی ئەرك و بیرکردنەوەی ئەدەبی چەند جۆرێکی هەیە: ((ئەدەب پێویستە وەکو هەموو فەنەکانی — مۆسیقا و رەسم — بەئارەزووی ئەو کەسانە ببێت کە هەڵی ئەهێنن یاخود هەڵی ئەسوڕێنن، هەروەها ئەشلێن ئەدەب جێگەی تایبەتی خۆی هەیە یەعنی بەپێی ئەو جێگایانە ئەگۆڕی کەئەو ئەدیبەی تێدایە، پیشەی ئەم چەشنە ئەدیبانە ئەوەیە ژیانی کۆمەلایەتی وا پیشان بدەن وەك خۆیان ئەی بینن نەك وەکو ئەبێت چۆن بێت، ئەدەبی ئەم ئەدیبەمان بە — الادب المجرد — دایە قەلەم دیسانەوە ئەتوانین وەستاوە یاخود کۆنەپەرستیان — المحافظون — پێ بلێین))[4].

---

١- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و دڵدار، (جیم)، گۆڤاری گەلاوێژ، ژ (١) کانوونی دووەمی ١٩٤٤: ل ٦٣ .

٢- شیعر و شاعر، شێخ محمدی خال ، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٥)ی ١٩٤٦ : ل ٤٥ — ٤٦ .

٣- هـ. س: ل ٤٧ .

٤- نامەیەك بۆ ئەدیبەکانمان، ق. نەبەرد، گۆڤاری گەلاوێژ، ژ (٨)ی ئابی ١٩٤٧: ل ٤١ .



دیارە نووسەر لەم جۆرەی ئەدەبدا بۆ ئەوە چووە کە ئەدەب بۆ زەوق و پێویستی دەروونی خوێنەر (گوێگر) بنووسرێ و ئەرك و ناوەڕۆکی ئەدەب بەپێی شوێن و ئەو ولاتەی کە ئەدیبەکە تیایدا دەژی دەگۆڕێ و ئەم ئەدەبەش بە(ئەدەبێکی رووت) ناو دەبرێت چونکە ژیانی کۆمەلایەتییەکە لە لای ئەدیبەکە چۆن ببینرێ ئاوەهاش پیشانی ئەدا.

(ق. نەبەرد) جۆرێکی تری ئەدیبمان پیشان دەدا و پێی وایە ئەوانەن کە ئەرك و بیرکردنەوەیان بەرامبەر بە ئەدەب بۆ دروشمی ((جوانی تەنیا لەپێناو جوانی))[1]ی دەگەڕێتەوە و کە بەلایانەوە تەنیا جوانی نرخی لەئەدەبدا هەیە، بێ ئەوەی هیچ سوودێك بەکۆمەڵ و وڵات بگەیەنن: ((ئامانج لە ئەدەب و فەن نووسینێکی جوان و بێ کەم و کورییە و بەس... ئەو چەشنە ئەدیبانە پیشەیان ئەوەیە دوورە پەرێز بوەستن بێ ئەوەی خۆیان فرێ بدەنە ناو بزووتنەوەی گەلەوە و ئامانجی گەل لەگشت بگەینن... ئەم چەشنە ئەدیبانە لەتەلارێکی بەرزەوە دوور لە کۆمەڵ ئەنووسن چونکی لەزەت لە نووسین ئەبینن، ئەم چەشنە ئەدیبانە هێشتا نەیانتوانیوە دوژمنی راستی گەلیان بەدی بکەن، هیچ بەتەنگیشەوە نین وەرامی ئەو هەزاران کەسە بدەنەوە کە نانیان نییە بیخۆن، کە جێگەیان نییە لێی بنوون...))[2].

جا هەروەك چۆن لەو جۆرە ئەدیبانە رازی نییە، بەلایەوە جۆرێکی تری ئەدیب هەیە کەتەنها وەکو وێنەگرێك وێنەی کۆمەڵگاکەی لەبرسێتی و ئێش و ئازار دەکێشێ بێ ئەوەی رێگەی چارەسەری بۆ کێشەکان بخاتەڕوو: ((... ئەم چەشنە ئەدیبانە بە مصور (وێنەگر) ناوئەبرێن، ئێمە هیچ لەمانەمان ناوێت وێنە بگرن و بیخەنە پێش چاومان ئەگینا ئەگەر وا بوایە ئارشاکو... کامیرا و فلیمەکانی کوردستان کافی بوون بۆ ئەم ئامانجە. ئێمە لەم ئەدیبانەمان ئەوێ تێمان بگەینن ئەم منالە بۆ برسیتی و ئەو بۆ تێرە؟ ئایا لە تواناداا هەیە ئەم منالە تێر بێ و پۆشتەش بێت؟ چۆن؟... ئایا لەتوانادا هەیە ئەم فەقیرە لە جێگەیەکی پاك و صحی و باشتر لە جێگەکەی ئێستایدا بژی؟ چۆن؟ لەچە رێگەیەکەوە؟))[3].

---

١- رێبازە ئەدەبییەکان، د. فەرهاد پیربال: ل ١٣٦ .

٢- نامەیەك بۆ ئەدیبەکانمان، ق. نەبەرد، گۆڤاری گەلاوێژ، ژ (٨)ی١٩٤٧: ل ٤٢ .

٣- هـ. س: ل ٤٣ .

دیاره ئەم بیر و بۆچوونەی (ق. نەبەرد) دەمانباتەوە ناو خانەی ریالیزمی فۆتۆگرافی کەتەنها وێنەی واقیع وەك خۆی دەگوازێتەوە و پیشاندەدا بەبێ دەست نیشانکردن و دانانی هیچ چارەسەریەك بۆ ئەو گیروگرفتانەی کە وێنەیانی کێشاوە.

پاش ئەوە (ق. نەبەرد)ی رەخنەگر چۆنییەتی پێشخستنی کۆمەڵ و بۆ ئەوەی نەتەوە مێژوویەکی هەبێ کەجێی شانازی بێ بە ئەرکی سەرشانی ئەدیب و گەل بەیەکەوە و هاوکاری کردنیان لەگەڵ یەکتری دەزانێ، دیارە ئەمەش پەیوەندی و بەستنەوەی ئەدەب بە کۆمەڵ و میللەتەوە پیشاندەدا و دەچێتەوە ناو خانەی هونەر بۆکۆمەڵ: ((پێویستە لەسەر ئەدیبەکانمان، پێویستە لەسەر گەل هەر فرمێسك نەرێژن و دانیشن بەڵکو پێویستە هەموو بەیەکەوە، بەیەك شان لەگەڵ هەمووگەلە بەش خوراوەکانی دونیا پاڵ بە رەورەوەی تاریخەوە بنێن و رۆژێ زووتر بیگەیێنە جێی خۆی)) [1].

لەبارەی کاریگەری ئەدەب بەسەر ژیان و کاریگەری ژیان و کاردانەوەی بەسەر ئەدەب (ق. نەبەرد) دەڵێ: ((وا ئەزانم ئەگەر ئەدیبەکانمان تۆزێك، هەرتۆزێك تەماشای دەوروپشتی خۆیان بکەن و لێی بکۆڵنەوە بۆیان دەرئەکەوێ کە چۆنییەتی ژیان و گوزەران کارێکی تەواو ئەکاتە سەر ئەدەب هەروەها ئەدەبیش پێویستە کارێکی تەواو بکاتە سەر ژیان و گوزەرانی گەل وە تەوجیهی بکات بەراستترین رێگادا)) [2].

بۆ بەدی هێنانی ئەم مەبەستانەی سەرەوە (ق. نەبەرد) چەند خالێك دیاری دەکات، کە بەپێویستی دەزانێت ئەدیبی کورد ئەو خالانە بەئەرکی سەرشانی خۆی بزانێ و لەسەری بڕوات، دیارە ئەمەش بەمەبەستی خزمەتکردن و پڕکردنەوەی کەلێن و پێویستییەکانی کۆمەڵ و نەتەوەی کورد بووە: ((پێویستە لەسەر ئەدیبەکانمان بۆ ئەوەی نووسینەکانیان کەلکێکی تەواو ببەخشێ، لەناو جەرگی ژیانی کۆمەلایەتیمانەوە وەرگیرابێ)) [3].

دیارە لێرەدا دەیەوێ بڵێ ئەدەب دەبێت سوودمەندبێ و سوودەکەشی لەپێناو خزمەتکردنی ئامانجەکانی کۆمەڵ بێت. هەروەها لەخالێکی تریدا وای بۆ چووە کە ئەدیب نابێت بۆ چینێکی

---

١- هـ. س: ل ٤٤ .

٢- هـ. س: ل ٤٥ .

٣- نامەیەك بۆ ئەدیبەکانمان، ق. نەبەرد، گ. گەلاوێژ، ژ (٩ — ١٠)ی ئەیلول — تشرینی یەکەم، ١٩٤٧: ل ٧٠ — ٧١ .



تایبەتی کۆمەڵ بنووسێت، بەڵکو لە نووسینەکانیدا دەبێت ئاگادار و چاودێری ئاستی رۆشنبیری چینەکانی کۆمەڵ بێت، بۆ ئەوەی هەموو گەل لە بەرهەمە ئەدەبییەکەی بگەن و بتوانێ خزمەتیان پێ بگەیەنێت: ((ئەدیب نابێت هەر بۆ ئەدیب بنووسێت، ئەدیب نابێت بۆ چەند کەسێکی تایبەتی بنووسێت، ئەدیبی راست بۆ میللەت ئەنووسێت لەبەر ئەوە پێویستە نووسینەکانی بە جۆرێك بێت گشت تێی بگات، یەعنی لەسەر ئەدیب پێویستە تاکو لە توانایدایە نووسینێکی راست و رەوان و سووك بنووسێت)) [1].

بۆ بەدیهێنانی ئەم خالانەی سەرەوە لەگەیاندنی ئەرکی بەرهەمی ئەدەبی بەئامانج و مەبەستی خۆی بەتەواوی وەبۆ ئەوەی دەقە ئەدەبییەکە سوود بەکۆمەڵ و میللەت بگەیەنێت (ق. نەبەرد) دەڵێ: ((ئەدەبی بەبێ تەوجیە بەئەدەب ناژمێرێ لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر هەموو ئەدیبێکی راست پێش ئەوەی دەست بکات بە نووسینی هەرچ جۆرە باسێك، ئامانجێك دابنێ وە هەول بدات بۆ ئەوەی لە نووسینەکەیدا ئەو ئامانجە بهێنێتە دی. هەول بدات بۆ ئەوەی نووسینەکەی بکات بەچرایەك بۆ ئەو کەسانەی ئەیانەوێ بەو رێگەیەدا بڕۆن)) [2].

هەر لەو قۆناغەدا (مارف خەزنەدار) پالپشتی هەڵوێستی ئەو نووسەر و شاعیرانە دەکات کە بەلایانەوە ئەرکی ئەدەب، شیعر بەتایبەتی بەژیان و گۆڕانکارییەکان و پێویستییەکانی سەردەمی کۆمەڵگاکە بەستراوەتەوە و هەروەها پێی وایە ئەدەب دەبێ هاوبەش بێ لەخستنەڕووی کێشە و گیروگرفتەکانی کۆمەڵ و رێگای راست و چارەسەریشی بۆ بدۆزێتەوە و بیخاتەڕوو: ((ئەم چەشنە وێنەیە لەئەدەب، کەم و کوڕی و ناکۆکی ژیانی کۆمەلایەتی و ناگزووری ژیانی ئادەمیزادمان پیشاندەدا، بەڵێ ئەم رچە لە ئەدەبدا کە (المذهب الواقعي) پێ ئەڵێن بەرزترین رچە، ئامانجێکی بلند و ئاواتێکی پیرۆزە بۆ پێشخستنی کۆمەڵ، بەهۆی ئەو باسانەی کە لێی دەدوێ وێنەی راستی دەرئەخا، لەپاش ئەوانەش دەرمانی بۆ ئەدۆزێتەوە و رێگای راست کردنەوەی بۆ خۆش ئەکا)) [3].

بە تێڕوانینی (عەلائەدین سەجادی)یش شیعر و ئەدەب بە گشتی ئەرکی لە گۆڕانێکی بەردەوام دایە و بەپێی پێداویستی و گۆڕانکارییەکانی ژیان ئەرکی دەگۆڕێت و ئەرکی نوێی سەردەمەکەی پێ ئەنجام دەدرێت، دیارە ئەمەش لەباسی (ئەحمەد موختار جاف)دا

---

١- هـ. س: ل ٧٢ .

٢- هـ. س: ل ٧٢-٧٣ .

٣- بوێژو نووسەر، مەعروف خەزنەدار، رۆژنامەی هەولێر، ژ (٦٤)، ١٩٥٢: ل ١ .

دەردەكەوێت، كاتێك كە ئەڵێ: ((ئەحمەد موختار بەگ لێرەدا ئیتر ئەوەستێ، ئەوەستێ چونكە تەماشا ئەكا پەردەیەكی تر بەسەر عالەما كێشراوە و بەرەنگێكی تر رەنگ كراوە، جارجارێكیش لەسووچێكەوە دەنگێكی نهێنی بەر گوێی ئەكەوێ كەلەدەروونی تاقە كەسێكەوە دەردێت و باسی ئەو نالە نالە ئەكا، كەلە جگەری هەلكروزاوی دایكی نیشتمانەوە دەنگ ئەداتەوە. كە ئەم دەنگەی گوێ لێ ئەبێ تاسێك ئەیباتەوە، بیرێك ئەكاتەوە، لە جۆشی سەرخۆشی گەنجێتیدا دەمارەكانی تەكانێك ئەخوا و پەردەی پێشوو دا ئەداتەوە، پر بەدەم روو ئەكاتە شاعیرانی كورد، كە خۆیشی یەكێك بووە لەوانە: ئەڵێ:

شاعیرانی كورد بەسە بەس باسی زولف و چاو بكەن....)) [1]

بەبۆچوونی (عەلائەدین سەجادی) (بێ كەس)یش بەهەمان شێوەی (ئەحمەد موختار) هەستی بەگۆڕینی بارودۆخەكە كردووە بۆیە لەشیعرەكانیدا رەنگی بەو گۆڕان و قۆناغەی كە میللەتەكەی پێیدا تێ دەپەڕێ داوەتەوە و بەلادان لە باسی شیعری مەی و چوونە ناو باس و بابەتی شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی بەئەركی سەرشانی خۆی زانیوە: ((بێ كەس پەردەی شیعری سەرخۆشیش دائەداتەوەو ئەچێتە ئاسمانێكی ترەوە، ئەچێتە ئەو ئاسمانەوە بۆ ئەوەی نیشتمان و قەومەكەی بەرچاوكەوێ، لەم شوێنەدا بێ كەس بازێكی تیژ باڵ و رەندێكی هەردە گەررە، بۆ ئەوە دروست كراوە كەنەوای قەومییەت وەكو دەنگی زەنگی بەری بەیان بلاوكاتەوە و لەسۆزی دەروونێكی بەجۆشەوە بلێت:

**ئەی وەتەن مەفتونی تۆم و شێوەتم بیركەوتەوە**
**وەختی بەندی و ئەسارەت پێ بە بەند و كۆتەوە))** [2]

بە تێڕوانینی (كامەران موكری) شاعیر و ئەدیب دەبێت ئەدەبەكەی لەبەرژەوەندی و خزمەتی جەماوەرەكەی دابێت و بۆ ئەوان بنووسێت و بەدەربڕینێكی رۆمانسییانە دەربڕێت بۆ ئەوەی لەدڵ و دەروون هەڵقوڵا بێ و بتوانێ هەست و سۆز ببزوێنێ: ((پێویستە بیر لەوە بكەیتەوە كەبۆ خەڵك ئەنووسی نەك بۆ رابواردن، وەنووسین لە ((ئایدولوجیە))تەوە هەڵ نەقولێت وشكە)) [3].

١- مێژووی ئەدەبی كوردی، عەلا الدین سەجادی، چاپخانەی معارف، ١٩٥٢: ل ٥٠٧ .
٢- هـ. س: ل ٥٧٦ .
٣- دیاری كامەران، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٥٧ : ل ٥ .



لەبارەی شێوەی نووسینیش دەڵێ: ((هونەرێكی جوان و بیرێكی بەخزمەت)) [1] دیارە (كامەران موكری) بۆ ئەوە چووە كە شیعر و ئەدەب دەبێت لەیەك كاتدا ئەركی چێژ بەخشین و سوود بینینیش ببینێت..

(مەعروف بەرزنجی)یش لەبارەی ئەركی شیعری نوێ دەڵێ: ((ئەمرۆ رۆژی شانازی بەنەتەوە كردنەوە نییە بەلكو رۆژی خزمەتی نەتەوەكردنە... ئەمرۆ رۆژی یەكسانی نەتەوەكانە و ئەبێ وەك یەك سەیر بكرێن وەهیچ نەتەوەیێك نابێ شانازی بكا بەسەرنەتەوەیێكی ترا بەڵكو ئەبێ برایەتی و یارمەتی هەبێ لەمیانیانا)) [2].

بۆ بەجێ هێنانی خزمەتكردنی نەتەوە پێویستە نووسەر لە جەماوەر و نەتەوەكەی نزیك بێت و ئاگاداری ژیانی كۆمەلانی خەلك بێت لەویست و ئارەزوو و پێویستییەكانی: ((نووسەرێ بۆ خەڵك بنووسێ ئەبێ گوێ بۆ خەڵكیش راگرێ چونكە ئەو خەڵكە ئاوێنەی ئەوون وە رەخنەگرانی راست و دڵسۆزی هونەر لەناو ئەو خەڵكەدا راست كەرەوەی كەم وكوڕی ئەو نووسەرەن)) [3] .

بە تێڕوانینی (ئسماعیل رەسوول) بۆ بەدەست هێنانی ئەدەبێكی بەرز كەبتوانێ خزمەتی كۆمەڵگاكەمان بكات، پێویستە: ((لەسەر ئەدیبەكانمان بەشداری هاندانی خوێندنی باڵا و بەدواچوونی زانستی بكەن بەمەبەستی بەدی هێنانی ئەدەبێكی بەرز كە رەنگدانەوەی ئێش و ئازار و خۆشی خەڵك و رێگا روناك كەرەوە بێت لەپێش كۆمەڵ بۆ هەنگاونان بەرەو ژیانێكی ئاسوودە)) [4] دیارە مەبەستی نووسەر لێرەدا ئەوەیە كە ئەدەب و كۆمەڵ بەیەكەوە ببەستێتەوە و ئەركی ئەدەب لەپێناو خزمەتكردن و گەیشتنی كۆمەل بە هیوا و ئاواتەكانی بێت، دیارە ئەمەش هەنگاونانە بەرەو رێبازی ئەدەب و هونەر بۆ كۆمەڵ: ((چوونە ناو قوولایی كۆمەڵ و بیركردنەوە لەئامانج و ئازارەكان و هەستەكانی كۆمەڵ بۆ ئەوەی شیعرەكە ببێتە وێنەیەك لە زەمانەكەی خۆی)) [5].

١- هـ. س : ل ٥ .
٢- كامەران و دیارییەكەی، بەقەلەمی: مەعروف بەرزنجی محامی، گۆڤاری شەفەق، ژمارە (١)ی ١٥ی كانوونی دووەمی ١٩٥٨: ل ٦ .
٣- هـ. س : ل ١٧ .
٤- نحن بحاجة الى ثقافة عالیة وادب رفیع تخدم المجتمع، مجلة الشفق، العدد (٢)، المجلد (١)، ١٥ شباط، ١٩٥٨: ص ١٧.
٥- نقد الشعر العربي الحدیث في العراق من ١٩٢٠ — ١٩٥٨: ص ١٦٠.

